



# مۆدەترین بڕینی قژی خاو

مۆدەکانی قژ، بەرەو هەزارەها مۆدە و تەسریحەی جیاواز ڕێگەیان گرتووە، تەنانەت سەر لە خانمان دەشێوێنێت لە کاتێك دەیانەوێت جۆرە تەسریحە یان قژێك هەڵبژێرن، یەکێك لە دیارترین مۆدەکانی قژ بریتییە لە مۆدەی تەسریحەی قژی خاو، ئەمەش وەك یەکێك لە مۆدەکان دەتوانێت جوانییەکی تایبەت و گەورە ببەخشێت.

لە ڕێگەی ئەو جۆرە تەسریحە دەتوانین گشت جۆرە قژێك ئامادەکاری بۆ بکرێت، چونکە ڕێگەی کارکردن بۆ ئەو تەسریحەیە ئاسانە و، ئەنجامێکی گەورەشی دەبێت لە جوانییەکی ناسك و کراوە. شێوەی ئەو تەسریحەیە تەڵەکانی قژ بە تەڵی تاك و تایبەت دەوەستێت و، لەگەڵ شێوازێکی کراوە و خاوی پێوە دیار دەکەوێت.

## سێ جوانکاری بۆ لێوەکانت











یەکێك لە کاریگەرترین لایەن لە جەستەی خانمان، بریتییە لە لێو، وەك بەشێکی سەرنجڕاکێش و جوان بە جوانی دەردەکەوێت و ئەرکی نزیك بوونەوەی گشت جوانییەکانی ڕووخسار دەوەستێنێت.

دەبێ لێوەکان بە ڕازاوەیی دەربکەون، ناسکی و کراوەیی لە ڕەنگ و ڕووخساری لێو وەك مۆدێیەکی سەرەکی و ڕازاوە بۆ ڕووخساری خانمان ڕەنگدەداتەوە.

لە جوانی لێو (٣) لایەنی گرنگ هەیە ئەوانەش بریتیین لە : هەڵبژاردنی ڕەنگێکی جوان و ناسك — بە بریقەکردنی سەرەوە و خوارەوەی لێو — کاری هێڵێکاری و دانانی شێوەیەکی جوانی ماکیاژ بۆ لێو، گشت لەم مەرجانە دەبێ بە جوانی و ناسکی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لێوەکان زیاتر ڕازاوەتر دەربکەون.

## پۆشینی یەلەگ لە



گرنگی دان بە دیکۆر و کەرەستەکانی ماڵ، یەکێکە لە سیفاتە گەورەکانی گشت خانمێك، بۆیە لە کاتێکدا پابەندە بە کاری پاککردنەوە و جوانکردنی ماڵ، دەبێ لە هەمان کاتیش پاك و خاوێنی خۆی بپارێزێت لە کاتی کارکردنی لە ماڵ. بە تایبەت لە ژووری چێشت، چونکە وەك هۆکارێکی پیسکردنی خانمان دادەنرێت.

یەکێك لەو ڕێگا پارێزیاریانەی خانمان دەتوانن سوودی لێوەربگرن، بریتییە لە پۆشینی یەلەگ (صدریە)ی تایبەت بە ژووری چێشت لێنان، بەمەش خانمان دەتوانن جەستە و یان بەشێکی جەستە بە چەوری و پیسی پاشماوەکانی ژووری چێشتلێنان بپارێزن.

## ڕەنگە تۆخەکـ







## ژووری چێشتلێنان



## ئێکسسوارەکان بۆ رازاندنەوە

لە گشت وەرز و کاتێکدا پێویستە گرنگی بە ئێکسسوارەکان بدرێت، ئەمەش دەبێ بە گوێرەی جوانی و جلوبەرگەکان بپۆشرێت، رێگەیەکی دیکەش هەیە دەکرێت ئێکسسوارەکان بەبێ جلوبەرگ واتە بە سادەیی بپۆشرێت، وەك هەندێك لە: دەستەبازنگی دەست – ملوانکە، چونکە بە سادەیی دەردەکەوێت و جوانییەکەی لەگەڵ پێست دەبێت.

ئێکسسوارەکان تا چەند رازاوەتر و جوانتر بن، زیاتر رازاوەیی و ناسکی پێوە دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەیەکی کراوە و رەنگێکی ناسك بۆ ئێکسسوارەکان پێویستە.

بەم رێگەیە جوانی ئێکسسوارەکان دەردەکەوێت، گەرچی لەگەڵ جلوبەرگ یان بە سادەیی بپۆشرێت.


## ـــانی پشت چاو



خانمان دەبێت لە نزیکەوە ئاگاداری کاری جوانکاری و رازانەوەیی جەستە و گشت لایەنێکی جەستە بن، بە جۆرێك شێوازەکان و ستایلەکان لە نزیك مۆدەی یەکتر بن و کار نەکات لەسەر کاریگەری مۆدە و کاریگەرییەکانی دیکە نەبێت. یەکێك لە لایەنە جوانەکان بریتییە لە رەنگکردنی پشت چاوەکان. جێگەی جوانی و سەرەنجراکێشی لە جوانی پشت چاوەکان بەدی دەکرێت.


لەگەڵ ئەوەی جوانی پشت چاوەکان شێوەیەکی ناسکی هەیە، دەبێ رەنگی پشت چاوەکان لەگەڵ ماکیاژی رووخسار و چاوەکان و رەنگی ئەساس بگونجێت. لەم رێگەیە دەتوانین گرنگی بە جوانی پشت چاوەکان بدەین و زیاتریش دەبێ لە رەنگە تۆخەکان رەنگ بکرێت.





# هۆڵەک

ئەوەی دەیبینن شوێنێکە لە پێشکەوتووترین شوێنەکانی خوێندنە لە وڵاتی ئەفغانستان، بەهۆی ئەو شەڕ و ناخۆشییەی بەسەر ئەو وڵاتە هاتووە ساڵانێکە تووشی نەهامەتی و کاول بوون هاتوون. ئەوەی سەیر بێت ئێرە هۆڵی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی خوێندنە.
بەهۆی نەبوونی جێگە و هۆڵێك بۆ



# بەتەمەنترین درەختی جیهان

کەرەستە گەورەکان لە جیهان بە چەندەها شێوە دەردەکەون، ئەوانەی لە سروشتدا دەردەکەون یان لە ژێر دەستی مرۆڤەکان دروست دەکرێت، ئەوەی مەبەستمانە بریتییە لە دوو گەورەترین و بە تەمەنترین داری جیهان، تا ئێستا داری لەم جۆرە نەبووە و نەبینراوە.

لە دارستانەکانی وڵاتی باشووری ئەفریقیا ئەو دوو دارە دۆزراوەتەوە و پێشبینی دەکرێت تەمەنی هەر یەکەیان بگاتە (ملیۆنێك) ساڵ، چونکە ئەوەندەی باڵەخانەیەکی (٨) نهۆمی بەرز و گەورە دەبێت. بەرزی دارەکان دەگاتە نزیکەی (١٠٠) مەتر، هەروەها پانی نزیکەی (٥٠) مەتر دەبێت. بەمەش دەبن بە دوو گەورەترین داری جیهان.







# بە ١٦ ساڵی بووە خاوەنی ٧ منداڵ

ئەو کچانەی لە تەمەنێکی بچووکەوە شوو دەکەن، هەر زوو منداڵیان دەبێت و دەبن بە دایك، بەڵام لە هەندێك حاڵەت کچەکان لە تەمەنێکی بچووك شوو دەکەن و بەمەش دەبن بە خاوەن چەندەها منداڵ. ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەو خانمانەی لە تەمەنێکی بچووك شووی کردووە، ئێستاش تەمەنی خۆی منداڵە و کەچی خاوەن (٧) منداڵە!

ئەو خانمە ناوی (بامیلا فیلیرۆ)یە خەڵکی وڵاتی ئەرژەنتینە و ئێستا لە ئەمەریکا دەژییێت.

تەمەنی خۆی (٦) ساڵە، کەچی تا ئێستا (٧) منداڵی هەیە، منداڵێکی لە تەمەنی ١٤ ساڵی بووە و ئەوانەی دیکەش بە سێ جمکە بوون.





## ـــانی تاقیکردنەوە

تاقیکردنەوەکان، ئەو مامۆستایە هەڵساوە بە دابەشکردنی ئەو قوتابیانە لەسەر ئەو زەوییە و هەر یەکەش لە شوێنی خۆی وەڵامی تاقیکردنەوەکەی دەداتەوە. بەمەش دەبێتە سەیرترین و تازەترین هۆڵەکانی تاقیکردنەوە لە جیهان. ئەوەی سەیر بێت قوتابییەکان لەسەر دەستیان وەڵام دەدەنەوە بەبێ ئەوەی تەختەیەك یان شتێك هەبێت.

## دڵی لە دەرەوەیە!

دوای ئەوەی منداڵێك لە وڵاتی هیندستان لە دایك دەبێت و بە حاڵەتێکی سەیر و نەخۆشەوە دەردەکەوێت، حاڵەتی ئەو منداڵە لەگەڵ هەر منداڵێکی ئاسایی جیاوازە و تەنانەت جەستەی جێگەی بەزەیی و سەسورمانییە، منداڵەکە تەمەنی ئێستای (٤) ساڵ دەبێت و بەشێکی زۆری دڵی لە دەرەوەیە.

لە پێشوودا نەشتەرگەری بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستاش دڵی لە دەرەوەی جەستەی دەردەکەوێت، بەمەش کاردەکاتە سەر هەناسە و کۆ ئەندامەکانی دیکەی جەستەی، بۆیە بڕیاری بۆ دراوە لە نزیکترین کات نەشتەرگەری گەورەی بۆ بکرێت تاوەکو لەم حاڵەتە رزگاری ببێت. وەك دەبینن دڵی منداڵەکە لە دەرەوە و بە چاو دەبینرێت.

## پشیلەکان مشک ناخۆن

ئەوەی دەیبینن جورجە کوێرە نییە، بەهۆی ئەو شێوە گەورەیەی هەیەتی، وەك جورجێك یان وەك پشیلەیەك دەردەکەوێت، بەڵام دەبێ بڕوا بکەین ئەوە مشکە و تا ئێستاش مشکی لەم جۆرە نەدۆزراوەتەوە. لە وڵاتی ڤێتنام یەکەم و گەورەترین مشك دۆزرایەوە، کێشی نزیکەی (٣) کیلۆگرام دەبێت، لەگەڵ درێژی جەستەی دەگاتە (٥٠)سەنتیمەتر.

هۆکاری دەرکەوتنی ئەو مشکە بۆ خواردنی هەندێك مادده دەگەڕێننەوە کاتێك بەردەمی کەوتووە و تووشی گەشەکردنی کردووە، تا شێوە و قەبارەی گەیشتۆتە ئەم ڕێژەیە، ئەوەندەی سەگێك یان پشیلەیەك بێت، ئیتر پشیلەکان ناتوانن مشکی لەم جۆرە بخۆن!





## ماڵێک لە سندوقێکدا

کەلوپەلەکان بە جوانترین شێواز دروست دەکرێن، تەنانەت دەکرێت شتی دیکەی لێوە ئامادەبکرێت و شێوەیەکی جوانتریش ببەخشێت.



ئەوەی دەیبینن سەندووقێکی بچووکە و کەچی ئەگەر بیکەیتەوە رەنگە ماڵێکی تەواوی لێوە دربکەوێت.



لە وڵاتی نەمسا سەندووقێکی سەفەری دروست کراوە و گشت کەرستەیەکی ماڵی تێدا دانراوە، شێوەی بچووکە، بەڵام ئەگەر کەرەستەکان بهێنرێنە دەرەوە دەبێتە ماڵێکی تەواو. وەك دەبینن چۆن سەندووقێکی بچووك بۆتە ئەو کەمەڵە کەرەستەیە، دەکرێت ژوورێکی پێوە پڕبکرێتەوە. ئەمەش وەك کەرەستەیەکی تایبەت بۆ ماڵی تازە یان بۆ کاتی گەشت کردن بە ئاسانی هەڵبگیرێت.



# مۆتۆرسکیلێک لە شێوەی پێڵاو

دروستکردنی کەرەستە سەیرەکان، وەك ڕێگەیەك بۆ کەرەستە سەیرەکان و ئەو بەرهەمانەی دەبێتە جێگەی سەیر و سەمەرەی گشت خەڵکێك، بەڵام کەرەستەکان لە شێوەی وا دروست دەکرێت و، یەکێك لەوانە بواری ئوتۆمبێلە، لە هەندێك شێوەی سەیر و تایبەت دروست دەکرێن دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەنجراکێش یان جێگەی جوانی و خۆشی خەڵك، ئەم ئوتۆمبێلە دەبوایە ئافرەتێك لێبخوڕیبوایە، کەچی پیاوێکی مل درێژ لێدەخوڕێت، بەهۆی ئەوەی شێوەی ئوتۆمبێلەکە لە شێوەی بابوج یان پێڵاوی ئافرەتانە. زیاتر ئوتۆمبێلەکە شێوەی مۆتۆرسکێلی وەرگرتووە لەلایەن کۆمپانیایەکی وڵاتی بەلجیکا دروست کراوە. بەرهەمی لەم جۆرە وەك داهێنانێکی جوان و بۆ نمایشە، دەکرێت لەسەر شۆستەکانیش کاری پێبکرێت.



# ئەوانە پیاون یان ئافرەتن!

مرۆڤ پێکهاتووە لە دوو ڕەگەزی دیاری کراو، نێر و مێ، یان پیاو و ژن، بەڵام لە هەندێك جار بەهۆی تێکەڵە جینییەکان لەم دوو ڕەگەزە لادەدات و دەچێتە سەر لایەنێکی دیکە. وەك ئەوەی بە ڕەگەزی (سێیەم) یان بە ناوێکی تایبەت وەك (نێرەمووك) دەناسرێن.

لە کاتێکدا هەستی ئەوانە دەرناکەوێت لەوەی نێر بێت یات مێ، هەردوو هەست لەلای دەردەکەوێت، ئەوانەش نموونەیەکن لە ڕەگەزی سێیەم و، بە ڕووخسار و شێوە وەك ئافرەت دەردەکەون، کەچی ئەگەر لە نزیك سەیریان بکەیت وەك پیاوێك دەردەکەون. بە جۆرێك خۆیان جوان کردووە کەس هەستیان پێناکات لە ڕەگەزی نێرن یان مێ !






# تووکی سەگێک وەک خوری مەڕە

ئەگەر لە دوورەوە سەیرێکی ئەو سەگە بکەیت، وەك پارچە قوماشێك یان گسکێکی بچووك دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر بە وردی تێبڕوانی دەبینی گیانداریکی بچووکە و، شێوەیەکی سەیر لە خۆ دەگرێت. ئەوەی دەیبینن سەگێکە لە وڵاتی ئوسترالیا دەژییێت، هیچ جۆرە ڕەگەزێك نییە شێوەی لە شێوەی ئەو سەگە بێت. تەنانەت لە دایك و باوکیشی ناچێت.



تووکی ئەو سەگە وەکو خوری مەڕ وایە و لوول کرابێت و بە جەستەی دانرابێت. زۆربەی پسپۆڕەکان هۆکاری شێوەی ئەو سەگەیان پێدەرنەخراوە و نازانن بۆچی تووکی بەم جۆرە دەرکەوتووە. بەمەش دەبێتە یەکەم سەگی لەم جۆرە تووکەی هەبێت.



# گوێچکەکان بۆ نمایش

کارکردن لە سەر جەستەی مرۆڤ بە چەندەها ڕێگە، هەنگاوەکان ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی سوود لە جەستەی مرۆڤ ببینن لەوەی کارێکی پێوە ئەنجام بدرێت. یەکێك لەو بەشانەی لە جەستەی مرۆڤ بریتییە لە (گوێچکە)، وەك بەشێکی پێویست کاری وەرگرتنی دەنگەکان دەکات، کەچی وادیارە لەلای هەندێك کەس بۆ کاری جوانکاری و نمایش ئەنجام دەدرێت.

ئەو دوو گەنجە سەر شێتە، بە ڕێگەی گوێچەکەکانیان توانیویانە چەندین نمایشی تایبەت ئەنجام بدەن. کاری ئەو دوو گەنجە گەورە کردنی گوێچەکانیانە و، لەگەڵ ئەوەش شتی جوانی پێوە دەکەن و تەنانەت کاری لەم جۆرە بۆ لووتیش ئەنجام دەدەن.









# بەندیخانەی (٥) ئەستێرەیی

بەندینخانەکان جێگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و چاککردنی باری دەروونی گشت ئەوانەیە تاوان دەکەن یان کارێکی نا شایستە ئەنجام دەدەن، بۆیە دەبێت بەندیخانەکان جێگەیەکی خۆش و چاك بێت بۆ ئەوەی کەسەکان بە خۆیان دابچیننەوە و پەشیمان ببنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەش تێڕوانینێکی دیکە هەیە بۆ زیاتر چاکسازی دەبێ ناخۆشترین کەش دابین بکرێت بۆ تاوانبارەکان تاوەکو هەڵە دووبارە نەکەنەوە.

ئەگەر سەیرێکی ئەو بەندینخانەیە بکەین، وەك ئوتێلێکی (٥) ئەستێرەیی وایە، کەچی بریتییە لە بەندیخانەیەکی تایبەت لە وڵاتی ژاپۆن. وادیارە ژاپۆنییەکان بڕوایان بە بەندیخانەی (٥) ئەستێرەیی هەیە و بۆیە بەندیخانەکانیان بەم شێوە جوانە ڕازاندۆتەوە.

# ماری دوو سەر



بوونی جمکەکان لەلای گشت گیاندارێك دەردەکەوێت، تەنانەت لەلای مرۆڤیش شتی لەم جۆرە و حاڵەتی جمك یان دوو سەر بە جەستەیەك یان دوو جەستە و سەرێك دەرکەوتووە. یەکێك لەو حاڵەتە سەیرانە کاتێك مار دوو سەری هەبێت. خەڵك لە مار دەترسن ئەگەر سەرێکی هەبێت، ئەی ئەگەر دوو سەر بێت!

مارێکی ڕەشی جەستە گەورە، بەڵام دوو سەری هەیە. لە دوورگەی فارۆ، مارێکی درێژی نزیکەی (٣) مەتر دەبێت، ئەستووری مارەکە دەگاتە (١٥) سەنتیمەتر، لەگەڵ ئەو هەموو مەواسەفاتەش (٢) سەری هەیە بە جەستەیەك. واتە دەتوانێت لە یەك کاتدا دوو هێرش بکاتە سەر هەر شتێکی دیکە، شتێکیش هەیە دەڵێن: ماری دوو سەر هێمای خۆشی و نیشانەیەکی پیرۆزە!



# ئەسپی (٦) قاچ

لەلاتان سەیر نەبێت ئەگەر (٦) قاچ لە گیاندارێك ببینن، وەك ئەو گیاندارانەی بەهەر هۆكارێك بێت تووشی ئەو حاڵەتە هاتووە، و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارە جینییەكان. ئەوەی دەیبینن ئەسپێكە لە وڵاتی بولگاریایە، دوو قاچی زیاتری لە ئەسپێكی سادە زیاترە، بەمەش دەبێتە یەكەمین ئەسپی لەم جۆرە و تا ئێستاش هیچ ئەسپێك نەبووە (٦) قاچی هەبێت.




# مۆبایلێک لە دار!


بواری تەكنۆلۆژیای مۆبایل، بەردەوام لە داهێنانی ئامێرە پێشكەوتووەكانن و كاری وای بۆ دەكەن دەبێتە جێگەی سەرەنجراكێشی و جوانی مرۆڤ، بەم دواییە لەلایەن كۆمپانیایەكی وڵاتی رووسیا بۆ بەرهەمەكانی مۆبایل، جۆرە مۆبایلێكی سەیری داهێناوە، سەرتاپای مۆبایلەكە لە دار دروست كراوە، ئەمەش وەك كەرەستەیەك جێگەی سەیری خەڵك گرێتە بەر و بۆ پاراستنی ژینگەش گرنگە.




# وێنەی فێڵكاری چاو

وێنەكانی فێڵكاری چاو، وا لە مرۆڤ دەكەن شتێكی سەیر و سەرسوڕمانیان بۆ دروست بێت و، ئەوەش دەبێتە یەكێك لە وێنە سەیرەكان، ئەگەر بە هەستیاری سەیری وێنەكە بكەین، پیاوێكی رووخسار توڕە و ناشیرین دەبینین، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری ناوەڕاستی وێنەكە بكەین، كۆمەڵە ئافرەتێك دەبینین لە بەردەم شوێنێك وەستاون!






**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بێ هیوا دەبیت و پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەكەت جۆرێك لەساردبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، ئێوە پێویستیتان بەكاتی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی لەیەكتر تێ بگەن.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم ماوەیە دەبیتە جێگای سەرنجی دەوروبەرت، خەڵك بەچاوێكی تر سەیرت دەكەن و پلەت بەرزتر دەبێتەوە، كاتی پێویست بۆ بیركردنەوە تەرخان بكە پێش ئەنجامدانی هەر كارێك.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

داواكارییەكت پێشكەش دەكرێت بۆ بەشداریكردن لەپڕۆژەیەكی گرنگدا، وا باشترە خوێندنەوەیەكی پرۆژەكە بكەی و دواتر بڕیارێك بدەی كە بەرژەوەندی تۆی تێدابێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

گەشبین بە بەرامبەر وەڵامی ئەو داواكاریەی پێشكەشت كردبوو، لەماوەیەكی نزیكدا وەڵامت دەدرێتەوە و ئەوەت دەستدەكەوێت كە داوات كردبوو.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەكی نوێ بكەیتەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەكەت، مەهێڵە گرفتێكی بچووك پەیوەندییەكی گرنگ كۆتایی پێ بێنێت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هاوڕێیەكی خۆشەویستت پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە بەڵام بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پێت ناڵێت، دەبێت هەست بەوە بكەی و بەپێی پێویست یارمەتی بدەی.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١- ئەکتەرێکی ئێرانییە دەوری یوسفی راستگۆی بینی خاوەن وێنەکە.
٢- دوو پیتــی مــەر- دۆزەرەوەی ئامێری رادار(پ).
٣- فریشتە- رووبارێکە لە ئەوروپا (پ) وەکو یەك.
٤- هــەردەم(پ)- زانایەکــی دەروونناسی نەمساوی بوو(پ).
٥- شــارێکی کۆنی عێراقە- ســێ پیتی حەبیب.
٦- گۆرانــی بێژێکی کــوردە(پ) گۆرانی بێژێکی کوردە.
٧- ئەسپ(ت).
٨- نیوەی قەبر- سەلام- وەکو یەك.
٩- ژمارە یەکە(پ) — دۆزەرەوەی رادیۆ.
١٠- هار- کول(ت).
١١- پارێزەرێکی بەناوبانگی کوردە.
١٢- زانایەکی بۆشایی ئاسمانی رووسییە.

## ســـتوونی:

١-گۆرانی بێژێکی کوردە.
٢-گۆرانــی بێژێکی فارسە- گۆرانی بێژێکی عەرەبە(پ).
٣- رێگا- دوو پیتی ئاری.
٤- یانەی حیزبی(پ) — نیوەی گوێز.
٥- پیتێکی مۆسیقایە- وەکو یەك- دوو پیتی گەف.
٦- بــیدۆزەرەوە لــە رۆژنامە- گیانلەبەرێکە.
٧- زین(ت) — شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ).
٨- گەرەکێکی شاری هەولێرە(پ)- شاکار(ت).
٩- خەڵکی میسر- خەڵکی کوبا(پ)- پیتێکی مۆسیقایە(پ).
١٠- تۆ(پ)- وانە — رەنگێکە.
١١- دەرهێنەرێکی کوردە.
١٢- ناوی تەواوی سەلاحەدین ئەیوبی.

*ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی*

## بۆ زاخــاوی مێشك



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە بە مرۆڤ وەدەدات)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٦+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوی خۆشەویستەکەی داستانی مەمی ئالان)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك)!

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (لـۆکــە) بوو**




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

دیدارێکــی گرنــگ لەرێگادایە لەوانەیە ببێتە هۆی ســەرەتایەك بۆ پەیوەندییەکی سۆزداری، ئەم دیدارە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانت درووست دەکات.




**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەهــۆی پەیرەو کردنی بەرنامەیەکی نوێ کێشــەکانت چارەسەر دەکەی بە ماوەیەکی کــەم لەهەمان کاتــدا یارمەتیدەر دەبێت بــۆ دووبارە پێداچوونەوە بە بوارە گرنگەکانی ژیانت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پێویستە لەئێستاوە خۆت ئامادە بکەی بۆ ئەوەی چەنــد بڕیارێکی گرنگ و قورس بدەی تاکــو توانای خۆت بســەلمێنی و خەڵك بزانن توانایەکی بێ سنوورت هەیە.




**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

چێژ لە کاتی ئێســتات وەربگرە لەناو خزم و کەســە نزیکەکانــت، دوای ماوەیەکی تر ســەفەرێك دەکەی و ماوەیــەك دادەبڕێی، بەڵێنەکانت جێبەجێ بکــە بۆئەوەی خەڵك متمانەت پێ بکەن.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەخــت دەبێتە هاورێت لــەم هەفتەیەدا، ئــەو دەرگایانەی تــا ئێســتا لەبەردەم خەونەکانت داخرابــوون دەکرێنەوە و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەواڵێکی خۆشــت پێ دەگات و تووشی سەرسوڕمانت دەکات، ناوەرۆکی هەواڵەکە پەیوەندی بەژیانی تایبەتی خۆتەوە هەیە و هەرگیز بیرت لەبیستنی ئەو هەواڵە نەئەکردەوە.

hemntoni@yahoo.com